بزاڤی نیگارکێشانی ئەبستراکتی لە کوردستانی باشووردا

وەهبی پەسوڵ
(سلێمانی)

هەر لە سەرەتای دەستپێکی خواستی بەرجەستەکردن لەلای مرۆڤ لە ڕێی دنیای شێوەکاری بەگشتی و هونەری نیگارکێشان بەتایبەتی، دوو چەمکی (ئازادی و ئەبستراکت)، دوو چەمک بوون هاوشان و پەیوەست و پێویست بە یەکبوون. ڕاستە لە زۆر قۆناغدا ئەم دوو چەمکی یەک هاوکێشەییە، ژێر بەژێر لە کارایی خۆیاندا بوون و نەهاتوونەتە سەر ڕووتەختی ئەو دنیایە، بە مانا دیار و جێگیرەکەی ئەمڕۆی، بەڵام وەک ئامادەیی و هەبوون بە ڕێچکە و ئاقاری تردا خۆیان نمایش و ئاراستە کردووە.

بۆ نموونە هەر لەسەر دوو دیواری بەرانبەر بە یەکتری ئەشکەوتێکدا، نموونەی دوو کاری زۆر واقیعیانە و زۆر ئەبستراکتیانە بەرانبەر بەیەک بەرجەستەکراون، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو کارە فرە ئەبستراکتییەی کە لەچەند هێڵێکی کورت و سادە و چەند ئاراستە و نزیک بە پێکهێنانی فۆرمی ئەندازەییە و لەلایەن مرۆڤی سەرەتاییەوە نەخشێنراون، ئایا بەهەمان خواست و ویست و ڕوانگەی هونەرمەندێکی ئەبستراکتیانەی ئەم سەردەمە بووە؟

وەڵامەکە بێگومان نەرێنییە، بەڵام هێزی پاڵنەر بۆ چوونە ناو دنیای پشتی شتە بینراوەکان، بۆ قوواڵتر شۆڕبوونەوە بەناو دنیای نادیاریدا، هەمان هێزی پاڵنەر و ئافرێنەرە، بەڵام بە بەراوردی جیاوازی نێوانیان مرۆڤی سەرەتا بۆ خۆ نزیککردنەوە و گەیشتن بە دنیایەکی پشت ئەم دنیا ڕووکەشە، ئەم کارانەی کردووە، دنیایەک کە توانایی و هێزی کۆنترۆڵکردنی بەسەر ئەم دنیایەدا دەشکێت و جڵەوەکەی لە دەست ئەودایە.


بە واتایەکی دیکە بڵێین بە پاڵنەر و ڕوانگە و ئامانجێکی ئەفسانەیی - ئایینی - ڕوحی، ئەمە وەک جیاوازییەکی بەرایی و ئەرک پێ سپێررراو و ئەرک لەخۆگر، دواتریش جیاوازییە سەرەکییەکە بەدوای خۆیدا دێنێت کە خواست و خولیای بەدیهێنانی دنیایەکی جوانی تر لەلا و لە ڕوانگەی خودێتی هونەرمەندی مۆدێرن و هاوچەرخەوە، بە دوور لە جوانییە ناسراو و بینراوەکان کە ئەمەیان بەو مەبەستە تەکنیکی

و ئیستێتیکییە پاستەوخۆ و دیار و ئاشکرایە لەلای مرۆڤی سەرەتایی خۆ دەرناخات، دواتر لەو بەرهەمە ئەبستراکت ئامێزانەشدا (دەڵێین ئەبستراکت ئامێز) کە هاوشان لەنێو و لەتەک هونەری شارستانیەتەکان خۆیان ئافراندووە، جا بە شێوەیەکی بەشەکی و ڕێژەییانە، یان هەمەکی و گشتگیر بێت.

لە هونەری ئەوروپایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، سەدەکانی ناوەڕاست وەک دوا مۆڵگە وێستگەی هونەری شارستانییەتەکان، بە هۆکاری چوونە نێو و تەنینەوەی ئایینی کریستیانی بە ڕوئیا ڕۆدئامێز (زوهد) و تەسەوفییەکەی بۆ ناو وڵاتانی ئەوروپا، توانی ئەو دەوڵەمەندی بەرجەستەکردنە، واقیعیانە و نموونەگەرایە لە فۆرم بسێنێتەوە کە هونەری شارستانیەتی ڕۆمانی- یۆنانی پێی بەخشیبوو.

ئەو وەرچەرخانە لەپاڵ ئەوەی هەنگاوێک بوو بۆ بەدیهێنانی جەوهەری فۆرم، هاوشان هەنگاوێکیش بوو بەرەو کردەیەک لە ئەبستراکت کردنەوەی فۆرم وەک پرۆسێس، چونکە بەدەستهێنانی ئەو فۆرمە جەوهەرییە کە قەشە و نیگارکێشێکی ئەو سەدەیە خوازیار و بەدیهێنەری بوو، لە خۆیدا پێویستی بە لێکچوونی کوتومتی واقیعییانەی فۆرم نەدەکرد، چ جای فۆرمێکی نموونەیی خاوەن کەماڵ لە جوانیدا.

ئەم ڕابوردووە دوورودرێژە لە دەستبردن بۆ ئەبستراکتکردنەوەی فۆرم، جا بە چ پاساو و ئاست و ئامانج و ڕێژە و چۆنیەتییەک بووبێت، وامان لێ دەکات بڵێین ئەبستراکت لە ڕابوردوویەکی دوورەوە بەڕێوە بووە. ئەگەر گوترابێت ڕیالیزم وەک چەمک و بەدیهێنان تا گەیشتە سەدەی نۆزدە ماندوو بووبوو، ئەوە ئەبستراکت بە گەیشتنی بە سەدەی بیستەم زۆر لەو ماندووتربوو. لەم سۆراخ و لێوردبوونەوەیەدا سانا لەگەڵ (پۆل ڕیکۆر)



نموونەی کارە ئەبستراکتەکەی هونەرمەند
کامیل ئەحمەد

دەگەینەوە هەمان بۆچوون کە بڵێین «سیفاتی کارێکی هونەری نییە نەخرێتەوە نێو ڕابوردوو، واتە بەرهەمێکی هونەری نییە هەمووی بریتی بێت لە ئێستابوونی خۆی».


ئەم ڕاستییە بە شێوەیەکە کە دەبینین لە ناوجەرگەی ڕێنیسانسەوە کە دەکاتە ناوجەرگەی نەک هونەرێک بە فۆرمی دەستنیشانکراو و واقیعی، بەڵکوو بۆ بەدیهێنان و بەرهەمهێنانی فۆرمگەلێکی نموونەیی لە جوانییەکی بێنراودا دەپەڕێتەوە. لەم نێوجەرگەیەوە هاواری پرەنسیپێکی ئەبستراکتیانە پەی پێ دەبەین، لە بانگەواز بۆ بیرۆکەکەی (ئەلبێرتی) بۆ پرۆسەیەک لە (چڕ و پوختکردنەوە- Subordination) کە لەو سەردەمەدا بووە مایەی لێوەرگرتنەوەی ڕەنگ لە پەیکەرسازی و بیناسازی و لابردنی زێدەڕۆیی لەبەکارهێنان و دانانی فۆرم و ڕەنگ، تەنانەت لابردنی ئەم درێژکردنەوە و زێدەڕۆییە لەنێو ئاخاوتنە فەرمی و وتاردانەکاندا.

لەدوای ڕێنیسانس، واتە لە ماوەی (مانێریزم تا مۆدێرنیزم) ئەوەی کرا و لەم ڕووەوە بەدیهات، جەختکردنەوە بوو لەو پرنسیپە. تا گەیشتن بە هونەری ڕیکۆکۆ، کە لە سادەکردنەوە و لێڵکردنی فۆرم، پشت بە زاڵێتی ڕەنگ بوێرییەکی

تایبەتی نواند، بەمەش ڕچەیەکی شکاند بۆ مامەڵەیەکی سادەتری ڕێبازی ڕۆمانتیک، لەتەک فۆرم و بەخشینی هێزێکی زیاتر بەڕەنگ، تا ئەم ڕچەشکێنییە بوو بە بنەما بۆ ئینتیباعیەت (ئیمپرێشنیزم) وەک سەرەتای مۆدێرنە. هەر لێرەوە مۆدێرنە بووە شەپۆلێکی هەناسەدرێژی ڕانەگیراو و ئاراستەگرتوو بەرەو ڕوانگەیەکی ئەبستراکتییانە، بەڵام بە زەرووڕەتی تێپەڕین بە پرۆسێسی ئەبستراکتییانەدا.

نامەکەی (ڤان کوخ) بۆ سیوی برای (هەست دەکەم کارەکانم بەرەو ئەبستراکت دەچن)، یان ترسی (پیکاسۆ) لە ملمانی ئاراستەکارکردنی بەرەو ئەبستراکت و هانا و پەنابردنی بۆ کۆلاژی ڕاستەوخۆ، وەک هۆکارێک لە هۆکارەکان بۆ خۆبەدوورگرتن و چارەسەری ئەو ترسە، نموونەی زیندوون بۆ ئەو ڕچەگرتنە بەرەو بە ئەبستراکتکردنی فۆرم، تەنانەت خودی کاندنسکی لە ناڕوونی و نادیاری بەرەنجامە سەرەتاییەکانی کارکردنی بۆچوونە نێو ئەو دنیا ڕوحییە بینیارییە، ئەبستراکتی وەک ناولێنان و ناوونیشانێک بە ئەزموونەکانی نەبەخشی، بەڵکوو بە (نابابەتی Non-Subjective)، یان (ناشتێتی Non-Objective) ناوزەدی کردن.

مۆدێرنیزمەکان هەر لە ئیمپرێشنیزم تا ئەبستراکت، لە کارەکانیاندا سەودای گەڕان و بەدیهێنانی ڕاستییەکی خودییانە بوون. ئەگەر لەپێناو بەدیهێنانی ئەم مەبەست و ئامانجەدا، تەعبیرییەکان و کیوبیست و فۆفیزم و فیوچەریزمەکان بە فۆرمی جەوهەری گەیشتبن، ئەوە هونەرمەندانی ئەبستراکت بەرەو بەدیهێنانی فۆرمی پەتی لەو جۆرە فۆرمەش تێپەڕین، بەڵام ئەم بەرەنجامە ئەگەر ئەو باکگراوندە بەدیهاتووانەی پشتەوەی نەبوونایە ڕووناکی هاتنەکایەی بەخۆوە نەدەدی، چون ئەبستراکت



نموونەی دووەمی کارە ئەبستراکتەکەی هونەرمەند کامیل ئەحمەد

نادیارانە، وەک نزمە بنیادێک، نەک ڕووکەشێ، لە بنیادی فۆرمی تەنانەت هونەرە واقیعییەکان (دەستنیشانکراوەکان)یشدا کارایی و کارکردنی خۆی هەبووە، لەڕێی لەبەرکردنی جۆرێک لە بەرگی کولتووری هونەری ئەبستراکتی، بە بەر دیمەنە واقیعییەکانی نێو سروشتدا، لێرەدایە، ڕەخنەگری سلاڤی (ئارسین پۆهریبنی) لە کتێبەکەیدا (نیگارکێشانی ئەبستراکتی/ Abstract Painting) لەمە دوورتر و قوڵتر دەڕوات و دەڵێت: «ئەوەی دەمێنێتەوە لەژێر ڕووتەختی هەموو کارێکی واقیعی لە هونەردا، ئەبستراکتە». دواتر لەم قۆناغە ڕیالیستییەدا، ئەم نزمە بنیادە، وەک پرۆسەیەک، قۆناغ بە قۆناغ و سەردەم بە سەردەم لە هەڵکشانێکی سروشتییانەی ستوونیی خۆیدا بووە، تا گەیشتن بە فۆرمی جەوهەری لە مۆدێرنە - پێش ئەبستراکت و لەوێشەوە تا بەدیهاتنی فۆرمی پەتی لە خودی نیگارکێشانی ئەبستراکتی. سەرەتا وەک پرۆسە و دواتریش وەک ڕوانگە. لەم دیدە نیگایەوە و بە کاریگەریی ئەو مێژووە کەڵەکەبووەی پشتی ئەبستراکتە، کە ڕەخنەگرێکی وەک (هربرت ڕید) گوتوویەتی: «ناکرێت دەرکەوتنی ئەبستراکت لە هونەردا بە دەرەنجامی تێڕامان و ئەزموونکردنی

تاکه هونەرمەندێک دابنرێت، جا ئەو هونەرمەندە کاندنسکی (١٨٦٦ - ١٩٤٤)، یان مۆندریان (١٨٧٢- ١٩٤٤).» بێت، {ئەمە بێ لە ئامادەیی و پێزانینی دەرەنگ وەختانە بە کۆشین و بەخشینی هونەرییانە و ئەبستراکتییانەی خانمە هونەرمەندی سویدی (هیلما کلینت) (Hilma af Klint) (١٨٦٢ - ١٩٤٤) کە کارەکانی لەسەر داوای خۆی دوای مردنی خراونەتە ڕوو و پیشان دراون، لە وردبوونەوەماندا دەبینین هەرسێ هونەرمەند لەیەک ماوەی زەمەنیدا ژیاون (تەنانەت هەرسێکیان لەیەک ساڵدا کۆچی دواییشیان کردووە) و هەریەک لە ئاستی خۆیەوە و بە ئاراستە کارکردنی ئەبستراکتییانەی تایبەت بە خۆی گەیشتوون بە بەرەنجامگیرییە ئەبستراکتییەکانیان، ئەگەرچی کارکردن و ڕوانگە ئەبستراکتییانەی هیلما و کاندنسکی لەسەر یەک هێڵی تەکنیکی و شێوازگەرایی لە یەکتر نزیکترن.} بوونی ئەم حاڵەتەی هێلما بەجیا، نزیکتر و زیندووتر جەخت لەسەر دروستیی ئەو بۆچوونەی هربرت ڕید دەکاتەوە.

خودی چوونەپێشەوە و بەدیهاتنی کاری هونەری ئەبستراکتییانە لە ڕابوردوویەکی نزیکی وەک مۆدێرنەدا کە زێدی لە دایکبوونیەتی، بە هەمان حاڵەتی ئەمڕۆی پراکتیزەکردنی نیگارکێشێکی ئەبستراکتیدا ڕاگوزەربووە، وەک ئاماژەمان پێ دا و گوتمان سەرەتا لە پرۆسەیەکی ئەبستراکتییانەوە سەرچاوەی گرتووە، دواتر بۆ حاڵەتێکی باڵاتر پەرپوەتەوە (ئەمە ئەگەر توانیبێتی ئەو باڵاییە بەدەست بێنێت کە حاڵەتێکە لە ڕوئیای ئەبستراکتی)، نموونەی زیندووی ئەم هاوکێشەیە ڕوون لە چوونەپێشەوە و پێگەیشتنی شێوازی کارکردنی مۆندریاندا خۆی دەردەخات، ئەویش بە دەستپێکی کارکردنی لە سروشتدا، بەتایبەت لەو



تابلۆیەکی هونەرمەند عەلی هادی لە پێشانگەی هونەرمەندانی کورد لە ئیتاڵیا، ساڵی ١٩٧٩

دارستانەی نزیک جێگەی کارکردنی بووە و ئەو پێگەیە خاوەن چڕییەکی وەها بووە، وەک دەڵێن ئاسمانی لێ دیارنەبووە. بەرەنجامی ئەو جێگەیە زنجیرە تابلۆی درەختەکەی کێشاوە کە زیاتر چڵوپڕیی درەختەکان لە پانتایی تابلۆکانیدا زاڵە، تا دواتر بە پرۆسەی ئەبستراکتکردنێک بەرەنجامی بەدیهێنانی چەند تابلۆیەک لەو چەشنە بابەتەدا بە کۆمەڵێک هێڵی ستوونی و ئاسۆیی بەیەکداچوو دەگات، کە ئەم بەرەنجامە تەواو نمایندەی جۆری ئەبستراکتێکی پرۆسێسی دەکات، بابەتی بەرانبەری هونەرمەند بابەتێکی ئاشنایە (مەئلووفە) و بەرەنجامی کۆمەڵێک پرۆسێسی ئەبستراکتی وەری دەچەرخێنێتە سەر بابەتێکی نائاشنا (نا مەئلووف)، هەر بۆیە ئەو پێناسەکردنەی بۆ ئەبستراکت دەکرێت و کراوە بەوەی: بە نائاشناکردنی ئاشنایە (بە نامەئلووفکردنی مەئلووف)، بەسەر کارێکی ئەبستراکتدا جێبەجێ دەبێت، وەک خاوەن بەرەنجامێکی پرۆسێسێکی ئەبستراکتی، نەک خاوەن بەرەنجامێکی ڕوئیایی ئەبستراکتی.

کردەی پرۆسەی ئەبستراکت جیاوازییەکەی

لەتەک ڕوئیای ئەبستراکتیدا لەوەشدایە کە یەکەم بە ئاراستەیەکی ئاسۆیی زیاتر کار لەسەر بەدیهاتنی خۆی دەکات و دووەم بە ئاراستەیەکی ستوونی. ئاراستە ئاسۆییەکە و بەرەنجامەکانی لە کاری درەختەکەی مۆندریاندا ڕوون خۆی دەردەخات کە گێڕانەوە و ناردنەوەی فۆرم بۆ ژێدەرە بنەڕەتییەکەی لە تواناییدایە و ناسینەوەی بۆ دەکرێت، بەڵام ئاراستە ستوونییەکە لە قۆناغی دواتری کارکردنیدایە کە ئەستەمبوونێک لە ناردنەوەی حاڵەتی بەدیهاتووی تابلۆکەدایە بۆ ژێدەرەکەی، یان بۆ تاکە ژێدەرێک، یان دەبێتە خاوەن تواناییەک بۆ خۆ ناردنەوە بۆ چەند ژێدەرێک، هەر بۆیە دەبینین خانمە ڕەخنەگری جیهانی (بریجیت لیل) (Brigitte Leal) چۆن باسی باڵاکردنی ئەم ئەزموونە هونەرییەی مۆندریان دەکات و دەڵێت: «ئەو کارێکی نیگارکێشیانە و تێڕوانەی گەورەی بە ئارامگری و میتۆدۆلۆژیایانە پەرەپێ دا، ئەویش لەڕێی هەوڵدانی بۆ گەیشتن بە ڕەها. چون خواستەکانی ئەو لە ڕەهەندگەلێکی تەسکی تابلۆدا نەوەستا، بەوەی ئەو هونەرمەندێکی تەوباوی خاوەن ڕوئیا بوو، خەونی بە جیهانێکی پاکژ لە هەموو جوانییەکی ئاسایی و ڕێساییەوە دەبینی، تا لەڕێگەی شێوەکارییەکی نوێوە (Néo-Plasticisme) وەرچەرخێت بەرەو دۆزینەوەی دنیایەکی جیاواز، کە ئەم وەرچەرخانەی بەدەستی هێنا تا ئێستا لە پراکتیزەکردنی ئەفسوونی خۆی بەسەر هونەری ئەمڕۆوە بەردەوامە.»، ئەمەش بەدیهاتنی ئەو ڕوئیایە بوو کە دواتر بە ڕوئیایەکی ئیۆسۆفی لە هونەردا ناوزەدکرا و ڕوون خۆی جیا دەکاتەوە و جیادەبێتەوە لەو بەرەنجامە تەکنیکیانەی لە ئەنجامی پرۆسێسێکی گۆڕێنەر لە ئاشناوە بۆ نائاشنا بەدی دێت و هاتووە.

کەواتە ئەبستراکت سەرەتا وەک پرۆسە و



تابلۆی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات

دواتریش وەک ڕوئیا، پاش تێڕبوون لە گەمە و ئەزموونکردنێکی خودییانە لە دوو گوتاری خامە و تەکنیک، لە خۆیدا ڕێخۆشکەری هونەرمەندە بۆ چوونە نێو سنووری وتاری سێیەم، کە گوتارێکە لە بەدیهێنانی ستایل و تایبەتمەندی ڕوئیایی. دەبێت ئەوەیش بە هەند وەربگرین کە هاوکات دوو وتاری پێشووتر، ڕۆڵ و کاریگەری سەرەکیی خۆیان لە دروستبوون و پێکهاتنی ئەم تایبەتمەندییە ڕوئیاییە (گوتاری سێیەم) هەیە، هەر ئەمەشە وادەکات پلەپلە وەرچەرخان لە ڕوانگەی ئیستێتیکی و چەمکی فۆرم و پێکهاتنەکەیدا ڕووبدات، لە پێناو بەدیهاتن و نوێبوونەوەی زمانێکی بینیاری لە فۆرم. گەڕان بە شوێن بنیادی فۆرمێکی هونەری، هەمیشە لەڕێی تێگەیشتنەوە لە دنیای واقیعی و دۆزینەوەی دیوە ڕاستەقینەکەیدا دەبێت، ئەوجا دەستبردن بۆ ئەو دیوە ڕاستەقینەیە و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی، لە سۆنگەی ڕوانگەیەکی ئیستێتیکی نوێوە کە

بـڕوای وایـە (واقیـع لـە خۆیـدا و وەک خـۆی کـە دەیبینیـن هەمـوو ڕاسـتییەکان نییـە)، بەڵکـوو بەشـی زۆری ڕووکەشـی ڕاسـتییەکان پێکدەهێنێـت، دەبینیـن گومـان لـەم بینینـە ڕاستەخۆیە و پەیبـردن بـە ڕوانینێکـی قوواڵتـر و جیـاواز، لـە کۆنـەوە دەستبۆبراوبووە و ڕوون لە بۆچوونێکی فەیلەسـووفی شارسـتانی ڕۆمانـی لۆکریتیـۆس (Lucretius)ـەوە هاتـووە کـە دەڵێـت «چاوەکانمـان ناتوانـن سروشـتی بنەڕەتیـی شـتەکان ببینـن».

ڕوانگـەی فەلسـەفییانەی (هیگڵ)یـش لـەم کۆبنیـادەدا دەڵێـت: سروشـت کـە بەرجەسـتەبوونی خـودی ئاگامەندیـی ڕەهایـە و لـە جوانـی بـەدەر نییـە، ئـەم جوانییەیـش دەکرێـت بـە هەسـتکردن بناسـرێت، یـان چێـژی لـێ ببینرێـت، بـەڵام جیـاوازی جوانیـی سروشـت و جوانیـی بەرهەمێکـی هونـەری، لەوەدایـە کـە جوانیـی سروشـت لەنێـو ماتریاڵـدا گیـری خواردووە، (واتـە لـە ڕێـی بینینـی ماتریاڵـەوە هەسـتی پـێ دەکرێـت و دەبینرێـت) قـووڵ چووەتـە خـوارێ، ئەمـەش وادەکات جوانیـی سروشـت ببێتـە جوانییەکـی دیاریکـراو و بـڕاوە، بـۆ ئـەوەی دیاریکراویـی ئـەم جوانییـە تێپەڕبکرێـت و بـە جوانییەکـی ڕاڕوپـڕ و کامـڵ بگەیـن، ئێمـەی مـرۆڤ، دەبێـت خۆمـان بەودیـو، یـان سـەروو سروشـت بگەیەنیـن، لـەم میانەشـدا دەبێـت خۆمـان بەسـەرچاوەی جوانـی دابنێیـن، ئەمەیـش لـە ڕێگـەی داهێنانـی هونەرییـەوە جێبەجـێ دەبێـت، بـەڵام سەربەسـتیی بیرکردنـەوە لـە ئافراندنـی کاری هونەریـدا زامنـی بەدەسـتهێنانی ئـەو جوانییـە ڕاسـت و ڕاسـتەقینەیەیە.

کـە خـودی تاکـی مـرۆڤ (هونەرمەنـد) بـە ویسـتی ئازادانـەی خـۆی، سـنووردارێتی ڕێژەییانـە بـۆ بیرکردنـەوەی دادەنێـت، نـەک سـنووردارکردنێک، کـە لـە دەرەوەی هونەرمەنـدەوە بەسـەر کاری هونـەری و هونەرمەنـددا بسـەپێنرێت. ئـەم کـردەی بیرکردنەوەیەیـش لێکدڕ و پێچەوانەیـە لەتەک کردەی هەسـتکردندا. لەڕشـتەی ئـەم بۆچوونـە فەلسـەفییەی هیگڵـدا نیگارکێشـان بەڕەنـگ، لـەدوا میوزیـک و شـیعر (کـە ناچنـە بۆتـەی ماتریاڵییـەوە، بەڵکـوو بـۆ بەدیهێنانیـان کات و زمـان پێویسـتە) پشـکێکی گـەورەی بەردەکەوێـت، بـە پێچەوانـەی هونـەری پەیکەرسـازی و بیناسـازی، کـە بیرۆکـەی کارە هونەرییـەکان لـە بۆتـەی ماتریاڵێکـی بەرجەسـتەی قـورس و سـێ قۆڵیـدان.

نیتشـەی فەیلەسـووفیش لە دەیەی دواناوەڕاستی سـەدەی هـەژدەدا گوتوویەتـی: ئێمـە سـەیر دەکەیـن، بـەڵام نابینیـن و بـۆ ئـەوەی چاوەکانـت بخەیتـە کار، دەبێـت بیربکەیتـەوە، لێـرەدا مەبەسـت لـە بیرکردنەوەیەکـە کـە بـە بۆچونەکانـی خۆی (نیتشـە) دەسـت پـێ دەکات، لـەو ڕوانگەیەوە بـە مرۆڤـی سـەردەمی خـۆی دەڵێـت: مرۆڤـی ئـەم سـەردەمە چـون دڵـی لای بابەتـەکان نییـە، نـە گوێگرێکـی باشـە و نـە دەشـتوانێت ببینێـت، چـون ئـەو نایەوێـت وەک ئـەوە ببینـێ کـە هەیـە، بەڵکوو بـە هێنـدەی ئـەوەی کـە نییـە دەبینێـت، کەواتـە ڕووکەشـی هەبـووی ئاسـایی شـت و بابەتـەکان لەخۆیـدا نەبوونـە و نادیـاری و نەبوونـی شـارراوەی پشـتەوەی بابـەت و شـتەکان بنەڕەتـی هەبوونـە.

هاوشـان و درێژبـووەوە بـەم دوو بۆچوونـە مێژوییـە و لەم سەردەمەماندا فەیلەسووفێکی وەک میرلـۆ پۆنتـی فەڕەنسـی (Maurice Merleau-Ponty) (١٩٠٨ - ١٩٦١) بوێرتـر و دوورتـر و قووڵتـر بـە دیاریکراویـی بـە ڕوانگـەی بینینـی ئاسـاییانەی مرۆڤـدا شـۆڕدەبێتەوە و دەڵێـت «لەنـاو ڕووناکیـدا نەبینـراو هەیـە». بـە واتایەکـی دی لـە ئاشـکراییدا نەبینـراوی و شـارراوەیی هەیـە، کـە ئەمـەش دیسـان جەختکردنەوەیـە لەسـەر

پەینەبردن بە بینینێکی سادە و ڕاستەوخۆ بە بنەڕەتی بینراوەکان.

کەواتە ئەرکی هونەرمەند و کاری هونەری ئەوەیە کە بە بیرکردنەوەوە ببینێت و قوواڵ شۆڕبێتەوە و شیکاری ئەو ڕووکەشە (کە چەند ڕووناک و بینراو بێت) بکات و هەڵیوەشێنێتەوە و سۆراخ بەدوای مانا شاراوەکانی ژێر ڕووکەشی واقیعدا بکات، تا واتای ڕەها و ڕاستەقینە و فۆرمە پەتییە بنەڕەتییەکانی تێدا بدۆزێتەوە، کە بەرەنجامی ئەمەیش لەڕووی تەکنیکییەوە، لە کارە هونەرییەکەدا، دەرکەوتن و بەدیهێنانی بەهای جوانییەکی پەتییە بۆ هێڵ و ڕەنگ و پانتایی و ساوی کەرەستە و تەکنیکی بەکارهاتوو.

ئامانجی هونەرمەند لەم دەستبەردانە پلە بە پلەیە لە واقیع و دامەزراندن بۆ بنیادێکی نوێی فۆرم، لەخۆیدا هەوڵێکە بۆ چڕوپڕتی کردنەوەی ئەو واقیعە بە داڕشتەیەکی تاکگەرای هەمەچەشنە و گۆڕاو (کە بەشە بچووکەکەی/ بەشەکێتی دنیای دیار و ماددییانەی تاکی هونەرمەندە) بۆ داڕشتەیەکی گشتگیری جێگیر (کە سەرلەبەرە/ هەمەکێتییە لە دنیایەکی هەمیشەیی نادیار). پەی بردن بە ڕێسایەکی لەم چەشنە بە مانای پەی بردنە بە سروشتی جوانییەکی گەوهەری و وێنە ڕەها و پەتییەکەی.

بە بەجێهێنانی ئەم هاوکێشە ڕێساییە، وەک ئەنجام فۆرمگەلێک بەدی دێت، جوانییەکەی لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە بەپێی لێکچوون و هاوشێوەیی شتەکانی نێو واقیع جوان بێت، بەڵکوو ئەم فۆرمانە جوانییەکی هەمیشەیی و سروشتی لەخودی خۆیاندا و ڕەهایانە جوانن.

ئەم کردە تەکنیکی و ئیستێتیکییە لە بەرهەمێکی ئەبستراکتیدا، لەڕووی واتاییەوە لەخۆیدا جێ هێشتنی دنیای سەنتەرە باو و لەسەرڕاهاتووەکانە بۆ بەسەنتەرکردنی دنیای پەراوێزخراو، دنیای ئەو شتە بچووکە بەشەکییانەی ڕۆژانە بە تیژتێپەڕی و فەرامۆشییەوە بەلایاندا ڕاگوزەر دەبین، ناتوانین بیانبینین، یان نایانبینین، یان نامانەوێت و بەلامانەوە گرنگ نییە بیانبینین. هێنانەوە و گێڕانەوەی دنیای پەراوێزخراوەکان، وەک چەمک و وەک فۆرم، لەخۆیدا دیوێک لە دیوە بنیادییە فەلسەفییەکانی کاری هونەری ئەبستراکتییانە پێکدەهێنێت، کە (جیل دۆلۆز) لەکایەی فەلسەفیدا بە دنیای چەمکە نووستووەکان ناوی دەبات و دەڵێت «بێگومان کە گەڕان و سۆراخی فەلسەفییانە بێ بەهایە ئەگەر هەوڵی بێدارکردنەوەی چەمکە نووستووەکان نەدات».

لێرەدا ئەگەر بپرسین چەمکە نووستووەکان کامانەن؟ ئەوە لە وەڵامدا دەڵێین چەمکە نووستووەکان ئەو چەمکانەن بێناز و پەراوێزخراون. ئەم کاری بێدارکردنەوەیە لە هونەریشدا هونەرمەندی تایبەتی خۆی پێویستە، هەر ئەمە وادەکات هەوڵدان بۆ وەستان لەسەر چییەتی و ماهییەتی کاری هونەری، ڕاڤەکردنی نوێ بێنێتەکایەوە. لەم سۆنگەیەوە، چییەتی کاری هونەری دەکەوێتە بەردەم ئەزموونێکی تر لە ڕاڤەکارییەوە، ڕاڤەکردنی چۆنیەتی کارکردن و بەدواچوونی هونەرمەندانە لە ئەرک و ئامانجی هونەر. دواجاریش ئەم ڕوانگە ئیستێتیکییە بووە هۆکاری داڕشتنی بەهاگەلێکی جیاواز بۆ نەخشەی بنیادنانی شێوەکاری و خوێندنەوەیەکی نوێ لە زمانی وێنەییدا.

کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە وای کردووە و وا دەکات، کە کار و فۆرمی هونەری بە یەکجاری دەستبەرداری ئەو ئەرکە ببێت کە خۆی بە هەڵگر و نوێنەر و دواتریش گەیەنەری پەیامێکی چیرۆکئامێز بزانێت. ونکردنی ئەرکێکی وەها کە کاری هونەری هەمیشە، یان سەردەمانێکی زۆر بێ

پچڕان و لێکترازان سەرقاڵ و خۆ بۆ تەرخانکەری بووە، ئەمەش هەڵبەتە بەدی نایەت و نەدەهات بە پرۆسەیەک لە ڕووخان و شێواندنی فۆرمە ئاشنا و ڕاهاتووەکان نەبێت.

لەم کایەیەدا نیگاری ئەبستراکت لەبری ئەوەی لە دیوی دەرەوەی فۆرمی بینراو بڕوانێت، وەک دوا مەبەست و ئەنجام، هات لەدیوی ناوەوە سۆزاخەکانی خۆی بەدوای فۆرمدا ئاراستە کرد، وەک ئامانجێک بۆ بەدیهێنانی خود و بە پلە دوو کردنی خوێندنەوە بۆ ئەو ناوەڕۆکەی دەینوێنێت، هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەمان بە گرنگی و بایەخی بوون و هاوشانیکردنی ئازادی بۆ دروستبوون و ئافراندنی کاری هونەریی ئەبستراکتانە کرد، چونکە ئازادی لەگەڵ ئەبستراکت وەک دوانەیەکن کە بێ یەکتر نائەفرێن و ناژین، هەموو خۆ بەستنەوەیەکیش بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکێکی دیار و ڕاستەوخۆ و بەمەبەست ئاراستەکراو لەڕێی کاری هونەرییەوە، لەدەستدانی ئەو ئازادییەیە کە وەک هەوا بۆ ژیان، بۆ بەدیهێنانی کارێکی ئەبستراکتی پێویستە.

لەم ڕشتەیەدا (ڕۆجەر فرای) گوزارشت لە زەرووڕەتی ئازادی و لەدەست نەدانی دەکات «هونەرمەند لەنیگارکێشاندا چەندی پشت بەستبێت بەو بیرۆکانەی خوازیاری بابەتگەلێکی دیاریکراون، هێندەی ئەوەش کارەکانی ئازادیی تەواو لەدەست دەدەن».

ئەی کاری هونەریی ئەبستراکت دەیەوێت چی پێشکەش بکات پشت بە هەموو ئەو پێویستی و ئامانجانەی کە کاری بۆ کردوون و هەیەتی و هاوکات بە لێدانی هەموو ئەو چۆنیەتی بینین و بەرجەستەکردن و بەجێهێنانانەی دژایەتی کردوون؟

کاری هونەری وەک ئەرکێکی خۆی لە کردەی سۆزاخکردنێکی واتایی و ئیستێتیکی، ئەو دنیا بچووکە - بەشەکییە نوستوو و شارراوانەمان، وەک جۆرێک لە سەرنج بۆ ڕاکێشان و وەبیرهێناوە، بۆ دەکاتە جێ ئامانجی خۆی. ئەی قورساییەکی گەورە لە ئەرک و ئامانجی هونەر خستنەڕووی دیوە شارراوەکانی ژیان و بوون نییە؟!، ئەوجا ئەم دیوە شارراوانە پێکهاتووی نادیاریی، یان دوورەدەستی، یان پەراوێزخراوی بن.

هەر بۆیە ئەم دیوە شارراوانە وەک بابەت و دواتر وەک ناوەرۆکی بە تابلۆ بوو، لە کاری هونەرمەندانی ئەبستراکتیکیدا، چەند لێکدانەوەی تایبەت و ڕێژەیی لەخۆبگرێت و قبووڵ بکات، بەڵام لە دواجاردا خوێندنەوە و شرۆڤەکان بۆ ناوەرۆک و دواواتای کاری هونەری هەر بە نەگیراوی و کراوەیی دەمێننەوە، دەبینین ئەوە سیمای ئەو دەقە هونەرییانەن کە بەدەقی کراوە و وەک دەقی کراوە دەمێننەوە، چونکە ڕشتەگەلێکی پێکهاتوو لە چەندان فۆرمی واقیعی تێدا بەرجەستە نییە و نابێت، تا دیاریکراوی و داخراوی و تاک خوێندنەوە و شرۆڤە بە کارە هونەرییەکان ببەخشێت.

بۆیە دەبینین ئەو گوتارە بینراوەی نیگاری ئەبستراکت پێشکەشی دەکات، لە کۆمەڵێ پێوەندی پێکهاتوو لە هێڵ و ڕەنگ و پانتایی تێپەڕ ناکات، بە شێوەیەک کە بەدەستهێنانی پەرچە وەڵام و چێژوەرگرتنی ئیستێتیکی دەکاتە ئامانجی خۆی، بەبێ پەنا و هانابردن بۆ جووڵاندن و خرۆشاندنی سۆزی بینەر، لەڕێی بابەت، یان چەندان گوزارشت کە بۆ دەرەوەی کۆبنیادی خودی کاری هونەریمان دەبەنەوە. ئەمەیش لەخۆیدا ڕوانگەیەکی ئیستێتیکی پەتی پێکدەهێنێت، کە لەسەر بەهای خودی فۆرم دامەزراوە و هەموو ئەو پێوەندییە بنیادییە

پەتییانەی دەیانخاتەڕوو، کاری هونەری بە پێچەوانەی ئەو کارە هونەرییانەی ناوەڕۆکەکانیان هەڵگری چیرۆکێکە لە بابەتێکی سیاسی، یان مێژوویی، یان کۆمەڵایەتی و .. تاد.. کە لەم جۆرە کارە هونەرییە چیرۆکگەراییانەدا، ئەوەی کارمان تێ دەکات، دیوی جوانیی فۆرم و بۆتەی کارەکە نییە، هێندەی ئەو بیروباوەڕ و زانیارییانەیە، کە فۆرم، یان بۆتەی کارەکە وەک گەیەنەرێک بووەتە هەڵگر و گوێزەرەوەی، تا بیدرکێنێت و گوزارشتی لێ بکات. لێرەوە ئاگا و بایەخدانی بینەر لە کاری هونەرییەوە وەردەچەرخێتە سەر کایەیەکی دیاریکراو لە ژیانی واقیعی، بەمەش بەهای کارە هونەرییەکە لە خودی کارەکە خۆیدا پەنهان نامێنێت، بەڵکوو دەچێتە دەرەوەی بەرهەمە هونەرییەکە، بە ئامانجی گەیشتن بە ڕاستییەکی واقیعی پەی پێ براو، لەبری بەدەستهێنانی ڕاستییەکی هەرچی ڕاستگۆیانەتر و نوێ، ڕاستییەک هەڵقوڵاو و بەدیهاتووی کردەی ڕوحێکی ئازاد و سەربەخۆ بێت، کە مەبەست لێی ڕاستییەکی خودییە، یان ڕاستییەکە لە ڕەهایی لەڕێی خودەوە.

شێوازی ئەبستراکت بەنزیکی لە پەنجا ساڵی ڕابوردووی بزاڤی هونەری شێوەکاری لە باشووری کوردستان، وەک شێوازە هاوشانە مۆدێرنەکانی تەعبیری و سوریالیزم، پشکی گەورەی بەرکەوتووە و ڕاگوزەری چەند دەستەیەک لە هونەرمەندانی نیگارکێش و پەیکەرساز بووە لە ئەماتۆر (هاوی) و ئەکادیمی.

هونەرمەندە هاوییەکان سانارۆ و خۆشدەستتر و زووتر پێی گەیشتوون و کاریان تێداکردووە، وەک لە هونەرمەندانی ئەکادیمی کە درەنگتر و دەتوانم بڵێم هەندێکیان لەدوادوایی تەمەنی کارکردنیاندا پێی گەیشتوون، یان بە ڕوئیا خوازیاری کارتێداکردنی بوون. ڕێژەیەکیش لەناو ئەم هونەرمەندە ئەکادیمیانە کە کەم نین، لەو ڕێژەیەش کەمتر لەنێو هونەرمەندانی ئارەزوومەند هاوی، بە حوکمی شارەزاییان لە ڕەگەزەکانی داڕشتن و توانایی کۆنترۆڵکردنیان بۆ بەجێهێنانی چارەسەری تەکنیکە جیاوازەکان، ئەوەی کردوویانە و دەیکەن پرۆسەیەکە لە ئەبستراکتێکی نیگارکێشراو، نەک نیگارکێشانێکی ئەبستراکتی (ئەگەر ئەم گوزارشتکردنە مانا و مەبەستەکە ببەخشێت).

لێرەدا حاڵەتی یەکەم تەنیا و تەنیا دەمێنێتەوە سەر توانایەکی هەبوو بۆ تەکنیکێکی بەجێهێنراوی ئەبستراکتییانە، بەدوور لە بەخشینی هەستی زیندوویێتی ڕوانگەیەک بۆ بینینێکی ئەبستراکتی، هەر بۆیە ئەم جۆرە لە کارکردن نوقمی ئەزموونکردنە تەکنیکییە جیاجیاکان دەبێت، بە شێوەیەک کە لێ ناگەڕێت هونەرمەند بە هەموو ڕشتە جوانییە ئیحتیمالییەکان بگات، هەر لێرەشەوە هەستی جێگیری، یان بوونی ڕایەڵە و پەیوەستی (بە هەردوو ئاراستەکارکردنی ستوونی وەک دەستپێکە هەڵکشانەکان و ئاسۆیی وەک بڵاوبوونەوە لەسەر ئاستی ئەو هەڵکشانانە، ئەوجا درێژخایەن، یان ناوبەناو بێت) ئەو ڕایەڵەیە هەرچی چەندی ڕێژەیی و تەنک و باریک بێت، بەدی ناکرێت. هەر هەبوون و ئامادەیی ئەم حاڵەتە وادەکات سەرەداوەکانی تێڕوانینێکی ڕوئیاییمان لە ئاست ئەو جۆرە هونەرمەند و ئەزموونە تەکنیکییانەدا لێ ون ببێت.

گەڕانەوە و دیاریکردن بۆ سەرەتاکان و یەکەمینەکانی کارکردنی ئەبستراکتییانە لە بزاڤی شێوەکاریی کوردیدا لە باشووری کوردستان، ڕەنگە زۆر وردکارانە و جێگیر و تەواو ئامانجپێک نەبێت، بەڵام هەموو ئاماژەکان بەرەو سەرەتا و

ناوەڕاستی سالانی حەفتای سەدەی پێشوومان دەگێڕنەوە. ئەم بەرەنجامگیرییە بێجگە لە ماوە ئەزموونێکی کارکردنی تایبەتی هونەرمەند (کامیل ئەحمەد مەعرووف/ ١٩٣٩) کە بە دیاریکراوی لە سەرەتای سالانی حەفتاوە سەرچاوە دەگرێت، تا ناوەڕاستی ئەو سالانە، کە ئەو دەمە کامیل ئەحمەدی هونەرمەند مامەڵە و سەودای لەگەڵ جۆرێک لە ئەزموونکردنی فۆرمی ئەندازەییانەی پەتیی هەبووە و لەو ڕووەوە کۆمەڵێک کاری کردووە، کە ئێستا زۆریان بە وێنەی ڕەشوسپی لەبەردەستدا ماون، بێجگە لە وێنەی دوو تابلۆ نەبێت کە ڕەنگاوڕەنگن، ئەویش بەهۆی چاپ و بڵاوکردنەوەیان لە بەرگی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)ی ژمارە (٤٣، ٤٤)ی مانگی ئاب و ئەیلوولی ساڵی (١٩٧٥)، بڕوانە شێوەکانی (١) و(٢). ئەم کارانە بە شێوازی ئەبستراکتێکی ئەندازەییانە و بە ڕەنگی زەیتی، بە نزیکی لە پێوانەی (٦٠ بە ٨٠ سم) جێبەجێ کراون. بەوەی کە گۆڤارەکە لە ساڵی (١٩٧٥) چاپ کراوە، ئەوە کارەکان بۆ پێشتری ئەو کاتە دەگەڕێنەوە، واتە بۆ سەرەتاکانی ساڵی حەفتا، یان بۆ پێشتر لە ساڵی حەفتا وەک بە بیرەوەری (قادر میرخان) مەزەندەی بۆ دەکات. دیارە ئامادەیی هونەرمەندی پۆڵۆنی (لازسکی) وەک مامۆستا لەو ماوەی خوێندنەی کامیل ئەحمەدی هونەرمەند لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە بەغدا (بەنزیکی نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٦٣)، خاوەن کاریگەری خۆی بووە (وەک هونەرمەند خۆی ئامازەی پێ دەدات) لە ئەزموونکردن و چوونە نێو ئەو دنیا و فۆرمە ئەندازەییانە و ڕێنماییکردن تێیدا.

دوابەدوای ئەم ئەزموونە هونەرییەی کامیل ئەحمەد مەعرووف، لە ناوەڕاستی سالانی حەفتاوە، هونەرمەند (عەلی هادی/ ١٩٥٧) دەستی بە ئەزموونکردنی هونەرییانەی خۆی لە کایەی کارکردنی ئەبستراکتیانەدا کردووە. لە کۆنترین کارکردنی هونەرمەند لەم شێوازەدا، بەدیاریکراوی بۆ ساڵی (١٩٧٧) دەگەڕێتەوە، کە بەڕەنگی زەیتی کێشراوە و بە پێوانەی (٥٠ بە ٧٠سم). ئەم کارەی هونەرمەند لە بروشوری پیشانگەیەکدا چاپ کراوە، کە ساڵی (١٩٧٩) لە فلۆرەنسا لە ساڵیادی نەورۆزدا کراوەتەوە و نمایش کراوە، بڕوانە وێنەی تابلۆکە لە لاپەڕەی ئەو بروشورە، شێوەی (٣) و وێنەی خودی تابلۆکە شێوەی (٤).

پاش ئەم دوو ئەزموونە، ئەزموونە کارکردنی هونەرمەند (ئیسماعیل خەیات/١٩٤٤- ٢٠٢٢) دێت کە دەتوانرێت بوترێت لە ڕچەشکێنەکانی سەرەتا بووە لە چوونە نێو کایەی نیگارکێشانی ئەبستراکتی، دەتوانین پشکی ئەم ڕچەشکێنییە بۆ دوو هۆکار بگێڕینەوە کە ئەویش کورتخایەنی ئەو ئەزموونی کارکردنە ئەبستراکتییەی هونەرمەند (کامیل ئەحمەد مەعرووف)ـە، کە دوای ئەوە چووەتە سەر ئاراستەکارکردنێکی کلاسیکییانە و تا ئەمڕۆی کارکردنی خۆی لەسەری بەردەوامە. هۆکاری دووەمیش دووریی ئەو ئامادەییە هونەرییە و بێ ئاگایی لێی، کە هونەرمەند (عەلی هادی) لە دەرەوەی وڵاتەوە لەم کایە و شێوازە هونەرییەدا گێڕاویەتی، بۆ ئەو سەردەمەش پێوەندی و بەدواداچونی هونەرییانە و بەئاگابوون لە ئەزموون و کارکردنی نێو هونەرمەندان لەنێو کوردستان و دەرەوەیدا شتێکی ئەستەم و دوورەدەست بووە، هەر بۆیە ئامادەیی و کاریگەریی بەردەوام و کارا بەر ئەزموونی هونەرییانەی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات کەوتووە، ئەویش بە دەستپێک بە ئەبستراکتکردنەوەی فۆرم سەرەتای گرتووە

تـا گەیشـتن بـە بەدیهێنراوێکـی ئەبسـتراکتییانەی کامـڵ بـە ڕوئیـا و تەکنیـک، کـە زیاتـر خـۆی لـە شـێوازی ئەبستراکت ئێکسپرێشـنیزمدا دیوەتـەوە.

هونەرمەندانـی کـورد لـە نێـو جـۆر و شـێوازەکانی هونـەر و کارکردنـی ئەبستراکتییانەدا، لـە (ئەبسـتراکتی ئەندازەیـی، سـۆزداریی، مینیمـاڵ، لێوارتیـژ و ئەبسـتراکت ئێکسپرێشـنیزم) دەسـتیان بـۆ دوا شـێواز زیاتـر بـردووە، ئەویـش بـە دوو هـۆکار کـە یەکەمیـان بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە زۆر لـە هونەرمەندانـی ئەبسـتراکتی، وەک سـەرەتای کارکردنـی دڵـکار (جدیی)انەیـان لـە شـێوازی تەعبیرییەتـەوە سـەرچاوەیان گرتـووە، نـەک شـێوازی کیوبیسـتی کـە پشـت بـە دابەشـکردن و شـیکردنەوەی ئەندازەییانـە بـۆ فـۆرم دەبەسـتێت، وێڕای ئـەوەی دامەزراندنـە هونـەری و تەکنیکییەکانـی ئاراستـە ئەندازەییەکانـی ئەبسـتراکتی لەسـەر بنیادنـراوە.

ئـەم شـێوازە، واتـە کیوبیسـتی لـە چەنـد هەوڵێکـی کورتخایـەن بـەو لاوە ئامادەییەکـی ئەوتـۆی تێـدا بـەدی ناکەیـن لـە بزاڤـی نوێـی شـێوەکاری کوردیـدا، بـەڵام شـێوازی تەعبیـری لـە مۆدێرنـەدا بـە چەنـدان هـۆکار، لەنێـو ئاراسـتەی بەدیهێنانـە هونەرییەکانـی ئـەم بزاڤـەدا پشـکی شـێری بەرکەوتـووە کـە تـا ئێسـتا کارایـی و ئامادەییەکانـی خـۆی تـا ئاسـتێکی بـاش و دیـار لەدەسـت نـەداوە. دووەم هـۆکار پاڵنەرێکـی خـاوەن گوشـاری تایبەتـە لەسـەر هونەرمەنـدی کـورد بـۆ خواسـتی گوتـن لەڕێـی کاری هونەرییـەوە، ئەویـش لـەو ڕوانگەیـەوە کـە ڕووداو و کارەسـاتەکان، وەک بابـەت و هەبوونـی کاریگـەری و تواناییـەک لـە کارایـی بـۆ خـۆ خزاندنـە نێـو ناوەرۆکـی کاری هونـەری هەمیشـە ئامادەییەکـی قـورس و تونديـان لـە واقیعـەوە هەبـووە، ئەوجـا ئـەم خۆخزاندنـە تـا چەنـد دوور، یـان نزیـک، ڕێژەیـی و گشـتگیر، کـەم، یـان زۆر خـۆ پیشـان بـدات و پێچەوانەبکاتـەوە و بنوێنێـت.

ئـەم نمایشـە هونەرییـە بـە پێزانینـەوە کـە بـە بیرۆکـە و هەوڵـی هونەرمەنـد (دارۆ ڕەسـوڵ) ئامادەکـراوە، لـە بەخشـینی تێگەیشـتن و ڕوانینێکـی سـەرجەمی و پوخـت و دیارتـر، لەسـەر ئاراسـتە جیـاواز و ڕوانینـە تایبەتمەنـد و تاکەکەسـییەکانی هونەرمەنـدی کـورد، (هێنـدەی بتوانێـت) لـە بزاوتـی نیگارکێشـانی ئەبسـتراکتییانەدا، لەنێـو سـەرجەمی بزاڤـی شـێوەکاریی کوردیـدا لـە کوردسـتانی باشـوور بەشـداری دەکات.

وەک دواجـار لـە دیاریکردنـی ئامانجەکانـی نیگارکێشـانی ئەبسـتراکت ئـەوە دەڵێیـن کـە ئـەم ئامانجـە، تەنیـا لـە دڕایەتـی دنیـای مـاددی بینـراو و ڕێژەییبوونـە شـتێتییەکەی کـورت نابێتـەوە، ئەویـش لەپێنـاو دۆزینـەوەی چەنـدان فـۆرم کـە هەڵگـری سـیفەتگەلێکی ڕەهابـن و هـاوکات چێژبەخشـی جوانییەکـی پەتـی بـن، بەڵکـوو نیـگاری ئەبسـتراکت کەشـف و خسـتنەڕووە بـۆ ڕێچکـەی جۆرێـک لـە جوانـی، خـاوەن قووڵییەکـی فیکـری و وشـیارییەکی ڕوحـی، کـە گوزارشـت لێکردنـی بـە ڕوانگەیەکـی هونەریـی وەهایە، بووەتە مایـەی ئافراندنـی بنیادنانـی فۆرمـی بێگـەرد و پەتـی، خـاوەن سـیماگەلێکی گشـتگیری چـڕ و پوختکـراوە، ئەمـەش لەڕێـی بەجێهێشـتن و تـرازان لـە ڕشـتە بنیادنـەرەکان، لـە فۆرمـی هونـەری بـە ئاراسـتە واقیعییـە بینراوەکـەی و هـاوکات ئافراندنـی واقیعێکـی شـێوەیی نوێـی نەبینـراو، کـە لـە هونـەردا دیـوە ڕوحییـە شـارراوەکانی مرۆڤـی کردووەتـە ئامانجـی خـۆی.

هاوینی ساڵی ٢٠٢٤